سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center for Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٨)

# ئایندەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا؛ فیدراڵیەتێکی ناجێگیر

## پاشخان، لایەنە کاریگەرەکان، سیناریۆ و ڕاسپاردەکان

سلێمانی

کانونی دووەم ٢٠٢١

www.centerfs.org

**- ئایندەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا؛ فیدراڵیەتێکی ناجێگیر**
**پاشخان، لایەنە کاریگەرەکان، سیناریۆ و ڕاسپاردەکان**
**- ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٨)**
**- توێژەران: د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە**
**- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی - هەرێمی کوردستان - سلێمانی**
**- کانوونی دووەم ٢٠٢١**

---

**سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی**
سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستیی ناحکومییە دامەزراوە بۆ سوودی گشتی

**ئامانجەکانی سەنتەر:**
١. پاڵپشتیکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی وهاندانی پسپۆر ولێکۆڵەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچون بۆ ئەو بابەتانەی بایەخدارن بۆ پسپۆڕییەکانی ئاینەدەزانی ستراتیژی وسیاسەتی گشتی و دەرەکی.
٢. بەشداریکردن لە پێشکەوتن و پەرەپێدانی فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.
٣. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە دەزگا حکومییەکانی هەرێم.
٤. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە کەرتی تایبەت و دەزگا نا حکومییەکانی هەرێم.
٥. بەشداریکردن لە پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لەبوارەکانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. ئەنجامدانی کۆنفراس و سیمیناری زانستی بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی توێژینەوەی زانستی.
٧. هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەنتەرە حکومی وناحکومییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوخۆ ودەرەوەی عێراق لەپێناو گواستنەوە و ئالوگۆڕکردنی بیروڕا و شارەزایی زانستی.
٨. بەدواداچوون و پێوانەکرنی ئاڕاستەکانی رای گشتی بۆ ئەو بابەتانەی جیگەی بایەخی هاووڵاتیانن.
٩. ڕاهێنان و پێگەیاندنی توێژەر لەبواری پسپۆڕییەکانی سەنتەردا.
١٠. کارکردن لەسەر ئەو پرس و دۆزە ستراتیژیانەی کە تائێستا لە کوردستاندا بەشێوەیەکی زانستی وبەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکان کاریان لەسەر نەکراوە.

**چالاکییەکانی سەنتەر:**
١. نوسین و ئەنجامدانی لێکۆلینەوەی زانستی و پۆلیسی پەیپەر وکتێب وبڵاوکردنەوەیان.
٢. ئەنجامدانی کۆنفرانس وکۆنگرەی زانستی وکۆڕ و سیمینار.
٣. دەرکردنی گۆڤارێکی ئەکادیمی مەحکەم ومتمانەپێدراو.
٤. ئەنجامدانی چاوپیکەوتن وبەرنامەی میدیایی.
٥. وەرگێرانی کتێب و جۆرناڵ وبڵاوکردنەوەی سەرچاوەی بیانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. سودوەرگرتن لە هۆیەکانی راگەیاندن بەگشتی وئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئاڕاستەکانی ڕای گشتی.
٧. کۆکردنەوەی داتا وزانیاری لەسەر کایەکانی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان وشیکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان.

---

**سەنتەری لێکۆڵینەوەیی ئایندەیی – پارێزگای سلێمانی – هەرێمی کوردستان – عێراق**
Address: Pak City, A1, 6, 26
Website: www.centerfs.org - Email: info@centerfs.org - Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

# ئایندەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا؛ فیدراڵیەتێکی ناجێگیر

## پاشخان، لایەنە کاریگەرەکان، سیناریۆ و ڕاسپاردەکان

توێژەران:
د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە

## پێرستی تەوەرەکان

تەوەری یەکەم:
پاشخان و سروشتی پەیوەندی ٤

تەوەری دووەم:
دیدگا باوەکان و لایەنە کاریگەرەکانی پەیوەندی ٦

تەوەری سێیەم:
سیناریۆ و پێشنیارەکان ١٠

# سەرەتا

پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا، پڕن لە هەوراز و نشێو، ئەم پەیوەندییانە بە سروشتی خۆیان و بەهۆی دیدگا پەڕگیرەکان و گۆڕاوەکانی نێو پەیوەندییەکانی هەردوولا، لە کارەکتەرە ناوخۆییەکانەوە بگرە تا دەگاتە هەرێمی و نێودەوڵەتی، نەتوانراوە نە چارەسەرێکی ڕیشەیی پیادە بکرێت، نە ئەوەش بووە کە یەخانگیرییەکی سەختدا تێپەڕێت و لە پەشێوییەکی یەکلاکەرەوەدا کۆتایی پێبهێنرێت، لەم دۆخە یەکلانەبووەوەی دەیان ساڵەشدا ئەوەی ڕەنجەکەی زیاتر کێشاوە هاووەڵاتییانی عێراق و کوردستان بوون.

هەنووکە پەیوەندییەکانی هەرێم و عێراق، بە دۆخێکی نە چارە و نەجیابوونەوەدا گوزەر دەکەن، لەم حاڵەتەشدا نە عیراق دەتوانێت بێمنەت بێت لە هەرێم و نە هەرێمیش دەتوانێت بێباک بێت بەرامبەر دۆخەکە، بۆیە لەهەردوولاوە هەوڵ دەبینرێت بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسێی ئاڵۆزیی پەیوەندییەکان، ئەگەر بە چارەسەری بەشێکی ئەم گرفتەکانی ئەم پەیوەندییانەش بێت.

لەبەرئەوەی لە قۆناغی یەکەمی هەوڵەکانی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەولیر و بەغدادا، تا ڕادەیەک لێکتێگەیشتنی بەرچاو لە وەفدی دانوستاندنکاری هەرێم و بەغدا بینرا و چاوەڕوان دەکرێت پاش پرۆسەی پەسەندکردنی بوودجەی ٢٠٢١ی عێراقیش لە پەرلەمان، دۆخی پەیوەندییەکان بچێتە قۆناغێکی دیکەوە، هەر بۆیە ڕانانی ژمارە هەشت تەرخانکراوە بۆ تاوتوێکردنی پاشخان، دیدگاباوە کاریگەرەکان، چێوەی کێشەکە، لایەنە کاریگەرەکانی نێو پرۆسەکە و لە کۆتاییشدا سیناریۆی چاوەڕوانکراو و پێشنیاری توێژەران خراوەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم:
## پاشخان و سروشتی پەیوەندی

تەبایی و ناتەبایی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا، وەنەبێ تەنها وابەستەی کابینە حکومەتییەکانی هەردوولا هەبێت و بە هاتنی یەکێک و ڕۆشتنی ئەوی دی ئاسۆی چارەسەر بکرێتەوە، ڕاستییەکەی ئاڵۆزی پەیوەندییەکان و کەڵەکەکاری کێشەکان درێژەی کێشاوە و زۆرکاتیش بە چارە و سڕکەری کاتیی هەندێ لەو کێشانە داپۆشراون و دواجار خودی ئەو چارەسەرانەش جارێکی دیکە بوونەتەوە بارتەقای ناسازیی پەیوەندییە ئاڵۆز و پڕ قەیرانەکانی پێشتر. وا پەیوەندی پڕ هەوراز و نشێوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و عێراق تەمەنی لە ١٠٠ساڵ نزیک دەکاتەوە و هێشتا هەندێک لەو داواکارییانەی کوردستان، لەو عێراقەی کە لە ١٩٢٠وە بەشێکی سنوورەکەی بە بێ کوردستان دیاریکرا، نەچەسپیوون و بەغداش سەرەڕای وەرچەرخانی سیاسیی و ئایدۆلۆژیی و کۆتایی ئینتیداب و ئیستیعمار و چوار جار و جۆر لە گۆڕانی ڕژێمی سیاسیی لە عێراقدا (ئینتیداب، پاشایەتی، کۆماریی ناوەندگەرا و کۆماریی فیدراڵی) چاویان لێ دەپۆشێت. هەنووکە هەمان خواستی کوردستان هەر بەردەوامە و هەمان نەیاریی ئەوەدەمیش هێشتا میراتگرانی لە بەغدادا هەر هەن و سازی سیاسییان لەگەڵ ئاوازی مافی هەرێمدا ناتەبایە .

لەمێژووی نزیکیشدا و نزیکەی هەژدەساڵ بەسەر روخانی رژێمی سەددام و شازدە ساڵ بەسەر دارِشتنی دەستوری عێراقدا تێدەپەرِێت، هێشتا شوناسیی سیستمی سیاسی عێراق جێگیر نەبووە. هەرچەند لە ماددەی یەکەمی دەستوردا بە ئاشکرا باس لە دەوڵەت و سیستمی سیاسی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی دەکات، بەڵام ئەزمونی شانزە ساڵەی عێراقی پاش ٢٠٠٥ دەریخستوە هیچ کاتێك سێ لایەنە سەرەکییەکەی عێراق کۆك نەبون لەسەر شێوەی بەرِێوەبردنی دەوڵەتی بەناو فیدراڵی. کورد وهەرێمی کوردستان و شیعە دارِێژەری سەرەکی عێراقی پاش ٢٠٠٣ بوون، جیاواز لە جاران پەیوەندییەکانیان گۆرِانکاری بەسەردا هاتووە و بەرەو ئاڵۆزی و ساردی و گرژی چووە، بە رِادەیەك کە مەترسی لە سەر هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق وەك قەوارەیەکی فیدراڵی یەکگرتوو دروستکردوە.

بۆیە سەرچاوەی کێشەکان وەک ئەوەی ئێستا دەنوێنێت، تەنها مووچە و برِێک موستەحەققانی مادی نییە، بەڵکو خودی گەیشتن بەم جۆرە پەیوەندییە لە بنچینەدا نە خواستی بزوتنەوەی سیاسیی کوردستانە و نە دانپێدانانی قەناعەتپێهێنراوی لایەنە عێراقییەکانە، بەڵکو هەردوولا نیگەرانی و ترس و دانپێدانەنانێکی رِاشکاو بە جۆری هەبوونی هەردوولا، ناچاریی کردوون بگەنە ئەم ئاستەی پەیوەندی، لە بری ئەوەی چارەسەرێکی رِیشەیی کە جارێکی دیکە نەگەرِێنەوە هەمان چوارچێوەی یەکەم.

مێژووی بەرزی و نزمی جۆری هەوڵەکانی رِێکخستنی پەیوەندییەکانی هەرێم و عێراق، درێژ و چەند مۆدێلە: دوولایەنە(کورد و ئینگلیز)، سێ لایەنە(کورد، عێراق و ئینگلیز)، دوولایەنەی عێراقی (کورد و کۆماریی١٩٥٨، کورد و کۆماریی بەعسیزم، ئازاری١٩٧٠)، ئاستێکی نێودەوڵەتییانە (کورد و هاوپەیمانان لە ١٩٩١دا، هەرێمی کوردستانی کردە واقیع)، هەروەها سێ لایەنەی نوێ (عێراق، ئەمریکا و کورد، کە لە ژێر چاودێری ئەمریکادا ئەم پەیوەندییە کاریگەرتر خۆی نواند و پرسی فیدراڵیزم و مافەکانی کوردستانی دەستووری کرد، جۆرێک تێگەیشتنی نوێی عێراقی هێناوەیە کایەوە و لە ساڵی ٢٠٠٣تا ٢٠١٤ ئەم پەیوەندییە سەرەرِای بەرزی و نزمی بەڵام چوارچێوەیەکی گونجاوی بۆ هەرێم و عێراقیش لێ وەبەرهات. بەڵام لە سڵی ٢٠١٧وە ئەم پەیوەندییە نەک بەرەوپێشچوونی بە خۆوە نەدیووە بەڵکو ئاستی هەماهەنگی پەیوەندی سیاسیی و ئەمنی و دارایی هەولێر و بەغدای هێنایە خوار و لە بودجە و یاسا کورتمەداکانی وەک قەرزدا کورت کرایەوە. ئێستا ئەوەی لای هەرێم گرنگە، دەستووری عێراقە و دەیەوێت بنەمانی رِێکخستنەوەی پەیوەندییەکان بێت، بەڵام دیدگایەکی عێراقی کاریگەریش (کە لە چەند رِێچکەیەکی جیاوازیی سیاسیشەوە سەرچاوە دەگرێت) داواکاری پێناسەکردنەوە، ماناکردنەوە و دارِشتنەوەی دەستوورە بە جۆرێک کە هەرێم سنووردارتر بکات. لەهەر حاڵەتێکدا بێت دەبێت سەرچاوەی ئاراستەی بیرکردنەوە و پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا بیرکردنەوە بێت لە نەخشەرِێی رِیشەیی و کۆتاییهێنان و دانپێدانان بە سروشتی کێشەکان نەک هەڵهاتن و سپاردنی کێشە بە کێشە و زەمەن و نەوەی دیکە، کە دوجار لێرِۆیشتنی مرۆیی، دارایی و تێکشکانی زیاتر و ناجێگیری بۆ هەردوولا بە دووی خۆیدا دەهێنێت.

**چوارچێوەی کێشەکە پاش ٢٠٠٣**

دەستوری ٢٠٠٥ بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕوانگەی زاڵی شیعە و کورد نووسرایەوە، کورد یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی کە فیدراڵییە جێگیرکرد. بەڵام سەرباری ئەم دەسکەوتە، هەرلەکاتی نوسینەوەی دەستورەوە بەشێك لە کێشەکان نەتواندرا چارەسەر بکرێن، سەرەکیترینیان کەرکوك وناوچە کێشە لەسەربووەکانی تر بوو، هەروەها سەرباری دانپێنانی ناڕاستەوخۆ بە هێزی پێشمەرگە و تەمویلکردنی لەلایەن بەغداوە، کێشەی تەمویلی پێشمەرگە و تەنانەت خودی هەرێمی کوردستان لە دەستوردا ڕون نەکرایەوە. بەم شێوەیە مەسەلەی ناوچەجێناکۆکەکان و پێشمەرگە و بودجە پاش ٢٠٠٥، بوونە تایتڵی سەرەکی کێشەکانی نێوان هەردولا، بەپێی دۆخی سیاسیش بەغدا و هەولێر دەهاتنە سەر راداری گرژیی پەیوەندییەکانیان.

لەلایەکی ترەوە پاش گەڕانی هەرێم بەدوای نەوت وگاز و دۆزینەوەی بڕێکی زۆری نەوت و گاز و دەرچوونی یاسای نەوت وگاز لە پەرلەمانی هەرێمدا لە ساڵی ٢٠٠٧ و ناڕازیبوونی حکومەتی فیدراڵی لە دەرچوونی ئەم یاسایە پێش یاسای فیدڕاڵی، کێشەی نەوتیش چێتر بووە سەرباری کێشە سەرەکییەکانی تری نێوان هەولێر و بەغدا، پاش بڕینی بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە لە ٢٠١٤ەوە، هەرێم بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا، تاکلایەنانە نەوتی بۆ بازاڕەکانی جیهان هەناردەکرد.

پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم وداگیرکردنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان لە لایەن بەغداوە، پاش ١٦ی ئۆکتۆبەری٢٠١٧، بێمتمانەییەکی تەواو سروشتی پەیوەندییە دوقۆڵییەکی نێوان هەردولای تەنی. کێشە سەرەکییەکانی چارەنوسی کەرکوك وناوچە جێناکۆکەکانی تر و پێشمەرگەو بودجەش هێندەی تر کێشەکانی هەردولای قوڵتر کردەوە. بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و دابەزینی بەهای نەوت کێشەی ئابوری زەقترین کێشەی هەردوو لایە کە خۆی دەبینێتەوە لە: پرسی چەندێتی و چۆنێتی ڕادەستکردنی نەوت و سودلێوەرگرتنی دوولایەنە، پرسی شایشتەی دارایی هەرێم لە بەشە بوودجە و نەختینە و قەرزەکانی عێراق و هەلە سیاسییەکانی دیکە کە عێراق وەک دەوڵەت سوودیان لێوەر دەگرێت و هەرێم هەنووکە لێیان بێبەشە.

بنەمای ناڕەزایی و بڕینی بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە، سیاسەتی نەوتی هەرێمە، بەتایبەت هەناردەکردنی و نەگەڕانەوەی داهاتەکەی بۆ خەزێنەی فیدراڵی. هەرچەندە لە مادەی ١١١ و ١١٢ دەستوردا باس لە نەوت و گاز و موڵکدارێتی بۆ هەموو عێراق و بەڕێوەبردنی کێڵگەکانی ئێستا(٢٠٠٥) لە لایەن حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێمەکان و پارێزگاکان کراوە، بەڵام وردەکاری بەڕێوەبردنەکە بەتایبەت لە کێڵگەکانی پاش ٢٠٠٥ دیارنیە، کە پێویست بوو بە پێی مادەی ١١٢ دەستور، یاسایەکی تایبەت رێکی بخات و تاهەنووکە نەخراوە .

بەڵام سەرباری هێنانی پرۆژە یاسای نەوت و گاز بۆ پەرلەمانی عێراق لە ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠١١ پەرلەمانی عێراق نەیتوانی ئەم یاسایە دەربکات، ڕێکنەکەوتن لەسەر دەسەڵات و مافەکانی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان، رێگری سەرەکی بوو لەسەر دەرنەکردنی، سەرەنجام هەرێم بە پشتبەستن بە یاسای تایبەتی خۆی (ساڵی ٢٠٠٧) لە غیابی یاسایەکی فیدراڵی نەوت و گازی خۆی بەڕێوەبرد و کێشەکانی دوولایەنیش زیاتر پەرەی سەند.

## تەوەری دووەم:
## دیدگا باوەکان و لایەنە کاریگەرەکانی پەیوەندی

**دیدگا باوەکان:**

بەر لە دیاریکردنی لایەنە کاریگەرەکانی نێو کێشە دێرینە-نوێکانی هەولێر و بەغدا، باشترە لە ئاستێکی گشتیدا، وەک ئەوەی لە مێژووی پەیوەندییەکاندا دەرکەوتووە، دوو دیدگای باو و کاریگەر لە بەریەککەوتندا کە هەردەم ئامادەییان هەبووە لە بەرزی و نزمی پەیوەندییەکان نێوان هەردوولادا دیاریبکرێن :

**دیدگای یەکەم:**

دیدگای هەرێمی کوردستانە کە بە پلەی یەکەم هەوڵدەدات جارێکی دیکە عێراقێکی ناوەندگەرا بە هەر دیدگایەکی نەتەوەیی، ئایدۆلۆژیی و مەزهەبی دروست نەبێتەوە، بە پلەی دووەمیش جوڵانەوەی سیاسیی کوردستان لە بنەڕەتەوە لە سنووری قەوارەکەیدا لە چوار پارێزگای هەنووکەییدا لە ١٩١٨وە کێشەی نەبووە، بەڵکو ئەوەی کێشەی سەرەکی هەر بڕگەیەکی زەمەنی جوڵانەوەکە بووە کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان بووە کە هەرکات ئینتیدابی بەریتانی ئەوسا و لایەنەکانی عێراقی دواتر، نکوڵییان لەو مافە کردبێت سەرجەم پەیوەندی و هەماهەنگییەکانی دوولایەنەی سفر کردۆتەوە و گەڕاوەتەوە سەر چوارچێوەی یەکەم، جوڵانەوە سیاسییەکەی هەرێم ئەم دوو هێڵەی وەک سوور نمایش کردووە، چونکە لەگەڵ هەرسێکیاندا تاڕادەیەک یەک ئاکامی چنیوەتەوە کە لە هەر گەشەیەک یان قەیرانێکدا لانیکەمی مافەکانی هەرێم بە ئاسانی پایماڵ کراون و لە هەر هەوڵیکی هەرێمیشدا تەنانەت بە دەستووریش بێت بۆ ئاساییکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، دەستبەجێ دیدگای ئەمنی و ناوەندگەرایی بەغدا و هاوکارە هەرێمییەکانی چەند بەرامبەر نکوڵییان کردووە و بگرە نەک پەیوەندییەکان ئاڵۆسکێنراوون بگرە تا ئاستی هێرشی سەربازییش سنوور و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان سنووردار کراوە.

**دیدگای دووەم:**

دیدگای دەوڵەتی عێراقە بە حکومەت و زۆرینە پەرلەمانییەکانیەوە، ئەم دیدگایە هەمیشە کابووسی لەتبوونی عێراق و مەترسی گەورەتربوونی هەرێم لەسەریدا جوڵێنەری هەنگاوەکانییەتی و دیاریکەری ئاستی پەیوەندییەکانی بەغدا و هەرێمی پاش و پێش ختستووە. ئەم دیدە گەرچی لە فۆرمی جیاوازیشدا خۆی دەنوێنێت، بەڵام بۆ پێناسەی فیدراڵیزمیش ڕاڤەی خۆی هەیە نەک پێناسە باوەکانی شیرازە فیدراڵییەکان، بە جۆرێک کە فیدراڵیزم لە ماناکەی خاڵی دەکەنەوە و وەک پێدرێژکردنی هەولێر سەیری دەکەن تا نەخشەڕێیەک بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەکگرتوویی. ئەمەش سەرچاوەکەی بۆ ئەو تێڕوانینە دەگەڕێتەوە کە لەسەر بنەمای ترس و نیگەرانی بیناکراوە نەک ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای ئەرک، ماف، پابەندی دوولایەنە، دابەشکاریی سامان و دەسەڵات وەک بنەماکانی فیدراڵییەت.

**لایەنە کاریگەرەکان:**

**یەکەم: دەوڵەتی فیدراڵی**

ئاشکرایە لایەنی سەرەکی کێشەی بەغدا و هەولێر، دامودەزگاکانی دەوڵەتی فیدڕاڵییە(حکومەت و پەرلەمان). دەسەڵاتدارانی بەغدا بەتایبەت پاش ٢٠١٧، مەیلێکی بەهێزی فراوانکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندییان بەسەر هەرێم و پارێزگاکاندا لا گەڵاڵە بووە. هەرچەند هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق وەك هۆکاری روبەڕوبونەوەی گەندەڵی ڕاگەیەنرا، بەڵام لەپەنایدا هەوڵێکیش بوو بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتە خۆجێییەکان، ئەم مەیلە بە ئاشکرا لە نێو پەرلەمان و لای سەرکردە گەنجەکان و زۆر لە سەرکردە حزبییەکان دەبینرێت.

تێزی سەرەکی ئەم بۆچونە ئەوەیە کە تەنها بە بەهێزکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی دەتواندرێت ئاسایش وگەشەپێدانی ئابوری فەراهەم بکرێت، بەئاشکراش رەخنە لە هەندێ برگەی دەستور کە تایبەتە بە دەسەڵاتەکانی هەرێم و پارێزگاکان دەگرن و هەوڵی هەمواركردنەوەی دەدەن.

لەلایەکی تریشەوە بەهۆی لاوازی پێگەی سەرۆك وەزیرانی ئێستا لە نێوپەرلەمانی فیدراڵدا و ئامادەیی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە عێراق، حکومەتی هەنووکە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی لاواز بووە، ئەم ڕاستییە چەندێک بۆ کێشەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق راستە، ئەوەندەش بۆ ناوچە جێناکۆکەکان و هەرێمی کوردستانیش ڕاستە.

بەم شێوەیە بەهۆی نزیکبونەوەی وادەی هەڵبژاردن و بەهۆی زاڵبوونی هێزە سیاسییە شیعییە باڵادەستەکانی نێو پەرلەمان بەسەر ئیرادەی سیاسیی حکومەتدا، پەرلەمانێك کە پێش هەڵبژاردنەکان لە قازانجیدا نیە حکومەتێك وسەرەك وەزیرانێکی بەهێز لە ئارادا بێت، سەرەنجام بکەری سەرەکی کێشەکە نە لە توانا و نە لە قازانجیدایە ئەم کێشانە چارەسەر بکات.

ئاراستەی بیرکردنەوەی لایەنی عێراقی و فیدراڵ، سەبارەت بە پرسی بەڕێوەبردنی نەوتیش وەک گرێکوێرەی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان، لە چوار ڕوانگەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوانیش:

أ- لە ڕوانگەی سەروەری دەوڵەت و کارایی حوکمڕانییەوە، لای عێراقییەکان بۆ ئەوەی حکومەتی فیدراڵی بتوانێت کۆنترۆڵی سەرجەم هێزە ڕکابەرەکانی سەروەری دەوڵەت بکات، بەتایبەت ئەو هێزانەی کە لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و ڕوونتر لەدوای گۆڕانکارییەکانی ٢٠٠٣ەوە دەرکەوتوون، دەبێت کۆی بڕیارە داراییەکان لەژێر چنگی خۆیدا بێت، تا بتوانیت بەمە ژێرخانی مانەوە و سەرچاوەی بەردەوامبوونی ئەو هێزە دەرە-ناوەندانە وشک بکات، بۆیە بەڕای هەندێک لە عێراقییەکان ڕکێفکردنی ئابووریی کورد کە ئامرازی لاوازکردنی هێزەکەشیەتی (پێشمەرگە)، یەکەمین وێستگەیەک بۆ جڵەوکردنی گروپ و هێزە چەکدارە نانیزامییەکانی تریشە. مانەوەی پێشمەرگە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ناوەند بیانووە بۆ ملکەچنەبوونی هێزەکانی دیکەش.

ب- لە ڕوانگەی گەشەپێدانەوە، لای هەندیک لە عێراقییەکان زوو تێپەڕاندنی قۆناغی ڕاگوزەر و دەربازبوون لە سیماکانی دەوڵەتی فشەڵ و شکستخواردوو، دەخوازێت کۆی تواناکان لە چنگی دەسەڵاتی ناوەندیدا گیر بکرێت، مانەوەی دۆسێی نەوتی کوردستانیش لەدەرەوەی دەسەڵاتی ناوەند، گەورەترین کۆسپە لەبەردەم ئەو گەشەپێدانە خوازراوەدا، کە دەرئەنجام کۆی گەلی عێراق و

پێکهاتەکانی تریش دەکاتە قوربانی بەرژەوەندیی کورد .

ج- لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە؛ پەرتکردنی توانای دارایی عێراق و بەشکردنی ئیرادەی مامەڵەکردن بە مەلەفی نەوت لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندا، هەر تەنها ڕەهەندێکی ئەو پلانی لاوازکردنەی پێگەی ستراتیژی عێراق نییە کە لە دوای جەنگی دووەمی کەنداوەوە گیراوەتەبەر، بەڵکو داردەستێکی دەرەکیشە بۆ ڕێگرتن لە دووبارە بەدەستهێنانەوەی ئەو پێگە بەهێزە لەدەستچووەی کە عێراق لە ڕابردوودا هەیبوو.

د- لە ڕوانگەی ململانێی ناوخۆییشەوە؛ نەوت و داهاتەکەی، وەک سەرجەم سەرچاوە ئابورییەکانی تری داهات و دارایی، کەرەستەیەکی سەرەکی مامەڵە پێوەکردنی نادروستی گەندەڵییە، کە لە ململانێ ناوخۆییە حیزبی و دەستەگەرییەکاندا بۆ خۆبەهێزکردن و کۆکردنەوەی پشتیوانی و دەستوپێوەند بەکاردەهێنرێت، بۆیە خواستی هەندێک لە لایەنە عێراقییەکان بۆ سەندنەوەی مەلەفی نەوت لە هەولێر تەوەرێکی ئەو ململانێ نادروستەیە، نەک ئامانجی بەهێزکردنەوەی ئابووریی عێراق.

**دووەم: هەرێمی کوردستان**

بەدرێژایی پانزە ساڵی ڕابردوو، هەرێم سیاسەتێکی سەربەخۆی ئابووریی بەڕێوە بردووە، هەرێمی کوردستان پێی وابووە ئەم سیاسەتەی لەگەڵ دەستور هەماهەنگە و بە تایبەت هەماهەنگی مادەکانی ١١٢ و ١١٤ و ١١٥ە. لە ڕووی سیاسییەوە بوونی نیمچە سەربەخۆیی ئابووریی بۆ هەرێم لای زۆر لە سەرکردەکانی وەك گەرەنتییەك بۆ نیمچە سەربەخۆیی سیاسی و نەچوونە ژێر فشاری بەغدا لێك دەدرایەوە. هەرچەند لەسەرەتاوە، سیاسەتی سەربەخۆیی ئابوری لەنێو پارتە سیاسییەکاندا کۆدەنگی لەسەر نەبوو، هەندێک پێیان وابوو کە کێشە لەگەڵ بەغدادا دروست دەکات، بەڵام سەرەنجام ئەم سیاسەتە باڵادەست بوو و کرا بە سیاسەتی فەرمیی حکومەتی هەرێم.

ئێستا و بە تایبەتی پاش بڕینی بەشە بوودجەی هەرێم، ئەم سیاسەتە ڕووبەڕووی ڕەخنەی ناخۆیی بووەتەوە، خراپبوونی دۆخی دارایی هەرێم بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتیشەوە، هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی لاوازتر کردووە.

گەر وردتر لە دیدگای کوردستانی بڕوانرێت بەتایبەت لە دۆسێی نەوتدا دەکرێت، چوار ڕوانگەی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە دۆسێکە لەبەرچاو بگیرێن کە لەسەر سروشتی پەیوەندیەکانی بەغدا و هەولێر کاریگەرن:

أ- لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە؛ لای کورد مامەڵەکردن بە نەوت بنیچینەی گوزارشتکردنە لەو سەربەخۆییە ڕێژەییەی کە لە دوای ڕاپەڕینەوە لەچوارچێوەی عێراق و ناوچەکەدا چنگیان کەوتووە، لەپێناو دەربازبوونیان لەو پەراوێزخستن و گۆشەگیرییەی کە لە دەیان ساڵی پێش ڕاپەڕیندا دووچاری بوون.

ب- لە ڕوانگەی فیدراڵییەوە؛ لای کورد وەک چۆن بەپێی دەستوری ٢٠٠٥ دەبێت فیدراڵی

بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و بڕیارە سیاسییەکان بێت لەسەرجەم ئاستەکانی یاسادانان و دادەوری و کارگێڕیدا، هەروەها دەبێت فیدراڵی و ناناوەندێتی دارایی بنەمای دابەشکردنی داهات و بڕیارە داراییەکان بێت.

ج- لە ڕوانگەی دیموکراسییەوە؛ لای کورد ئەگەر بڕیار وایە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق لە دوای گۆڕانکارییەکانی ٢٠٠٣ەوە، بە پێچەوانەی نەریتی حوکمڕانی ڕژێمی بەعس و ڕژێمەکانی تری پێشووە و بە شێوازێکی دوور لە چەقگەرایی دەسەڵات و سەرکوتکردنی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی ناوەند بێت، ئەوا پێدانی دەسەڵاتی دارایی بە ناوچەکانی دەرەوەی ناوەند یەکێک لە ڕەهەندەکانی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی ناوەند و ڕێگرتنە لە دووبارە گەڕانەوە بۆ ڕژێمی ستەمگەرایی ناوەند و پەراوێزخستنی ئەوانی دیکە.

د- لە ڕوانگەی ململانێی ناوخۆییەوە؛ لای هەندێک لە لایەنە کوردییەکان نەوت و داهاتەکەی تەوەرێکی ململانێی حیزبی و باڵانسکردنی هێزە لەنێوان زۆنە سیاسی-جوگرافییەکانی هەرێمی کوردستاندا، بۆیە هەر جۆرە سپاردنەوەیەکی ئەم مەلەفە بە حکومەتی ناوەندی دەشێ جۆرێک لە ئاڵۆزکردنی ئەو ململانێیە و تێکدانی ئەو پارسەنگەش بەدوای خۆیدا بهێنێت، کە ئەمەش ڕەنگە نەک هەرێم بەڵکو کۆی عێراقیش بەرەو نائارامیەکی نەخوازراو ببات.

بەڵام لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و جوڵانەوە ناڕازییەکانی بە جۆری بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان، ڕایەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی دروست بووە بۆ سەرلەنوێ پشت بەستنی زیاتر بە عێراق لە ڕووی دارایی و ئابورییەوە و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان بە پێی بڕگەکانی دەستور. بەڵام لاوازی ئابووریی هەرێم و یەکنەخستنی شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا لەلایەن پارتە سەرەکییەکانی کوردستانەوە لەلایەك و نەبوونی حکومەتێکی وا لە بەغدا کە توانای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی هەبێت بووەتە گرێکوێرەی پەیوەندییەکانی هەردوولا.

**سێیەم: هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان**

شاراوە نیە عێراق، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، گۆڕەپانی بەهێزی ململانێی هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانە، ئەم ململانێیە ئەمریکا و ئێران تیایدا ئەکتەری سەرەکیین، جگە لە بوونی چەندین ئەکتەری دیکەی وەك تورکیا، ئەوروپا، ڕوسیا و سعودیە. بوونی ئەم ململانێ فراوانە لە عێراق بە تایبەت بە هۆی ئامادەیی ڕێکخراوە تیرۆریستییە جیهانییەکان لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا، وڵاتەکەی خستۆتە ژێر ڕکێفی جەمسەرگیرییە هەرێمی و نێودەوڵەتییە جیاوازەکانەوە. بەم شێوەیە پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا هیچ کاتێك لە کاریگەری و ململانێکانی ئەم هێزانە دوور نەبووە زۆربەی کات ئەم هێزە دەرەکییانە ڕۆڵییان لە قوڵکردنەوە یان لاوازکردن هەندێ جاریش باشکردنی پەیوەندییەکانی بەغدا و هەولێردا هەبووە.

## تەوەری سێیەم:
## سیناریۆ و پێشنیارەکان

**سیناریۆکان:**

بۆ تێگەیشتن لە دەرئەنجامی گفتۆگۆکان و خستنە رووی وێنە راستەقینەکە ، پێویستە سیناریۆکانی پەیوەندی و ئایندەی پەیوەندی نێوان هەردوو لایەنی دانوستاندن بخرێتە روو، راستە لەو پرۆژە یاسایەی کە ئێستادا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گفتوگۆی لە بارەوە دەکرێت، لە دەقەکانی تایبەت بە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ساڵی ٢٠٢١ دا بەلانی کەمەوە لە رووی فەرمیەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێکەوتن پێی گەیشتوە، جێگەی رەزامەندییە. بەڵام لە ئەنجومەنی نوێنەران گفتوگۆی لە بارەوە دەکرێت و ئەگەری زۆرە کە برگەو مادەکانی پەیوەندیدار بە پشکی هەرێمی کوردستان و بە دیاریکراوی بابەتی نەوت یان داهاتی نەوت وەکو ئەوە تێنەپەڕێت کە حکومەت پێشنیاری کردوە ، بۆیە ئایندەی ئەم بابەتە بەستراوە بەڕێکەوتنی سیاسی و ئیرادەیەکی سیاسی و تێگەیشتنی سیاسی هێزە سیاسیەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان. لەبەرئەوە بژاردەی دروست و یەکلاکەرەوە ئەوەیە دەبێت دانوستان و گفتوگۆ بکرێت، بۆ ئایندەی گفتوگۆ و دانوستان لەسەر ئەم دۆسێیەش دەشێت ئەم سیناریۆیانە کار بکەن:

**یەکەم: سیناریۆی ڕێکەوتن**

هەردوو کاراکتەری دانوستاندن، سیناریۆی ڕێکەوتن وەکو چارەسەر پێشنیار دەکەن، بەڵام لە سەر وردەکاریی جیاوازی هەیە، پێشنیاری پرۆژە بوودجەی عێراق (بۆ هەرێمی کوردستان) جێگەی رەزامەندییە، ئاڕادەیەك پشت ئەستورە بە دەستور و مافی بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکانی هاوبەشانە بە هەردوولا داوە، ئەم بابەتەش لە گفتوگۆکاندا حکومەتی هەرێم زیاتر پێداگری لەسەر دەکات و بە خاڵی بەهێزی هەرێم هەژمار کراوە، حکومەتی فیدراڵیش داوای پابەندبون و نیازپاکی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بە وردەکاری و ڕادەستکردنی نەوت بە کۆمپانیای سۆمۆ.

لە ئەگەری بەرجەستەبوونی ئەم سیناریۆیەدا، دەکرێت سیناریۆکە لە دوو سیناریۆدا نمایش بکرێنەوە:

١ .چارەسەری گشتی یان نیمچەیی: وەك ئەوەی بەشێك لە نەوتەکە ڕادەست بکرێت و بەشێکی بهێڵێتەوە، وەك ئەوەی لەگەڵ کابینەکانی عەبادی و عەبدولمەهدیدا کرا. لێرەدا هەردوولا لە بەشێکی داواکارییەکان چاوپۆشی دەکرێت لەبەرامبەر چارەسەرێکی ماناوەندیدا .

٢ .چارەسەری کۆتایی ڕیشەیی: بە دیاریکردنی شێوازێکی جێگیری تەمویلکردنی هەرێمی کوردستان وەك زۆربەی فیدراڵییەتە جێگیر و پێشکەوتوەکانی جیهان، ئەم چارەسەرە بۆ هەردوولا بە سوود دەبێت، بەڵام لە دۆخی سیاسی ئێستای عێراقدا بەدور دەزانرێت کە هەنگاوێکی وا لە مەودایەکی نزیکدا ببینرێت.

**دووەم: سیناریۆی ڕیکنەکەوتن**

ئەم سیناریۆیە زیاتر کار لەسەر ئەوە دەکات کە لایەنی عێراقی داوای ڕادەستکردنی هەموو داهات و دۆسیەی نەوت بکات، کە ئێستا لە پەرلەمان وەکو کارتێکی هەڵبژاردن و فشار کاری لەسەر دەکرێت، دەویسترێت لەم ڕێگەیەوە کۆی داهاتی نەوت و داهاتی ناوخۆی هەرێم لەڕێگەی حکومەتی بەغداوە بەڕێوە ببرێت، چونکە بە پێی بۆچوونی حکومەتی عێراقی، نەوتی هەرێمی کوردستان جگە لەوەی لە بازاڕ بە کەمتر دەفرۆشرێت و بری تێچونی بەرهەمهێنانی نزیکەی بیست دۆلارە بۆ هەر بەرمیلێك، ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە کە زیان بە سامانی گشتی دەگەیێنێت، ئەمە جگە لە تۆمەتبارکردنی هەرێم بە بوونی گەندەڵی و ناشەفافی لە بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوتدا. بەڵام لای حکومەتی هەرێم ئەم داواکارییە جگەلەوەی پێشێلکاریی دەستوری عێراقە، لەهەمان کاتدا بچووکردنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستانە. ئەم ئاراستەیە لای حکومەتی هەرێم ئاراستەی عەقڵیەتی ناوەندگەرایی و مامەڵەکردنە لەگەڵ هەرێم وەك پارێزگایەک.

لە ئەگەری بەردەوامی و پەرەگرتنی ئەم سیناریۆیەدا یان ئەوەیە:

- مانەوەی دۆخەکە وەك ئێستا؛ واتە بێچارەسەریی و کە ئەگەری بەهێزتریش ئەوەیە تا کاتی هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتی نوێ.

- یاخود تێکچونی زیاتر دێتە ئاراوە، ئەمەش بەهۆی خراپی ئابووریی هەرێم و چارەسەرنەکردنی کێشەکە دور نیە هەرێمی کوردستان هەنگاوی هەڵکشاوانە هەڵبنێت، لەوانەش گەڕانەوە بۆ کارکردن بە دەرئەنجامەکانی ڕیفرەندەم و دورکردنەوەی زیاتر و کشانەوە لە پرۆسەی سیاسیی بەغدا. ئەم سیناریۆیە بەهۆی یەکدەنگنەبونی پارتەکانی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بە دور دەزانرێت .

**سێیەم: سیناریۆی نێوەندگیری**

حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە لایەنی سێیەم بکات بە پلەی یەکەم نەتەوە یەکگرتوەکان و پاشان ئەمریکا یان ئێران، تا بتوانرێت پێش پەسەندکردنی یاسای بودجە تێگەیشتنێکی هاوبەش دروست بکەن. ئەم سیناریۆیەش ئەگەر لە نزیکترین کات کاری لەسەر نەکرێتبەسەر دەچێت (گەر بەسەر نەچووبێت).

سیناریۆی بەهێز وا دێتە بەرچاو، کە سیناریۆی دووەهەمی ڕێکنەکەوتن بێت و پەرلەمانی عێراق بەو پێشنیارەی حکومەتی عێراق ڕازی نەبێت و داوای ڕادەستکردنی هەموو دۆسیەی نەوت بکرێت، هەرێمی کوردستانیش بەم داوایە رازی نەبێت ، چونکە لانیکەمی هۆی ڕازیینەبوونی: پێشێلکردنی دەستوری عێراقییە .

**پێشنیارەکان:**

لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و بۆ ئەوەی نەبنە هۆکاری دەستوەردانی دەرەکی و ناجێگیری سیاسی و ئاسایشیی عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە ئەم ڕاسپاردانە بە گرنگ دەبینرێن:

**یەکەم: بۆ لایەنی دەسەڵاتی فیدراڵی**

- کارکردن بە هەستی متمانەوە نێوان خۆیان وهەرێمی کوردستاندا و خۆپاراستن لە هەر شێوازێك تۆڵەسەندنەوەی دژ بە هەرێم و بەکارنەهێنانی مەسەلەی هەرێم کوردستان وەك مادەیەکی هەڵبژاردن و خۆبەهێزکردنی چەند لایەنێک لە رێی ئەم پرسەوە. بنەمای هەر رێکەوتنێکی ئایندەیی متمانەیە، ئەم بەهایە بەتایبەتی پاش ریفراندۆم و دەستبەسەرداگرتنی سەربازی کەرکوک و ناوچەجێناکۆکەکان لەلایەن عێراقەوە لاوازتر بووە و پێویستی بە دوبارە بەهێزکردنەوە هەیە.

- جەختکردنەوە لەسەر چارەسەری دەستوری و دوورکەوتنەوە لەو داواکارییانەی کە هانی گۆڕینی دەستور و بۆ بەژەوەندی تاکلایەنە دژ بە پێکهاتەکانی تر دەدات. دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە لە دەستوردا ئاماژەی پێدراوە و تا هەنووکە فەرامۆشکراوون و هاوکات هەڵوەشاندنەوەی یاسا ناوەندگەراکان .

- دەرکردنی بەپەلەی یاسای نەوت و گاز لەسەر بنەمای بەندەکانی ١١١ و ١١٢و ١١٤ و ١١٥ دەستور، دانانی میکانیزمێکی جێگیر و بەردەوام بۆ شێوەی دابەشکردنی داهاتە نەوتییەکان و ئیدارەدانی دۆسێی نەوت و گاز لەگەڵ هەرێم و پارێزگاکان.

- دروستکردنی دەستەی سەربەخۆی تایبەت بە بەڕێوەبردنی دادگەرانەی داهاتە نەوتییەکان بەو شێوەیەی کە لە مادەی ١٠٦ی دەستوردا هاتووە.

- لە پێناو قووڵکردنەوەی گفتوگۆ و گەیشتن بە چارەسەری کێشە بەردەوامەکان، گرنگە کار بکرێت بۆ دروستکردنی ئەنجومەنی فیدراڵی (ئەنجومەنی دووەم) کە نوێنەری هەرێم پارێزگاکانە، وەك ئەوەی لە مادەی ٦٥ی دەستوردا هاتوە و کاری لەسەر نەکراوە.

**دووەم : بۆ لایەنی هەرێمی کوردستان**

- کردنەوەی بەغدا و حکومەتی فیدڕاڵی بە چەقی سەرەکی کاری سیاسی و زامنی سەرەکی مافە سیاسی و دەستورییەکانی هەرێم، پەیڕەونەکردنی سیاسەتی (متارەکە) کە بە زیان بۆ هەرێم دەگەڕێتەوە.

- کرانەوەی زیاتر بەسەر کۆمەڵگای عەرەبیی عێراقدا (شیعەو سوننە)، بە سەرجەم کێشە و خواستەکانیەوە و خۆپاراستن لەهەر سیاسەتێکی هەرێم کە دەبێتە هۆی گۆشەگیربوون و دوورکەوتنەوە لە ڕەهەندی فیدراڵی و نیشتمانی عێراقی.

- یەکلاکردنەوەی دۆسێی نەوت بە پێی دەستور و مافە حەسرییەکانی عێراق و هاوبەش و تایبەت بە هەرێم، دوورکەوتنەوە لە هەر هەنگاوێکی تاکلایەنانەی هەڵکشاوانە کە نیگەرانی زیاتر و کەمکردنەوەی متمانە لەگەڵ خۆی پەرەپێبدات.

- سودوەرگرتنی زیاتر لەو گەشەسەندنەی لە بواری ئابووری و ژێرخانی هەرێمی کوردستاندا هەیە بۆ بەرژەوەندی هاوبەشی هەرێم و بەغدا و تێکەڵبوونی زیاتری ئابووری لەگەڵ پارچەکانی

تری عێراق، کە دواجار لێکتێگەیشتن و نزیکبوونەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری لێدەکەوێتەوە.

- هاوکاریکردنی بەشەکانی دیکەی عێراق بۆ دروستبوونی هەرێمی دیکەی فیدراڵی، وەک زەمینەیەک بۆ چەسپاندن و پایەداریی سیستەمی فیدراڵی.

## سێیەم: بۆ هەردووک لە دەسەڵاتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم

لەو ڕوانگەیەوە کە هەردوو لا هاوڕان کەلەسەر ئەوەی کە دەبێت دەستور بنەمای سەرەکی لێکتێگەیشتن و یەکالاکردنەوەی کێشەکان بێت، دەشێت بەپێی ئەو ڕاڤە جۆراوجۆرانەی بۆ هەر دوو مادەی (١١١ و ١١٢)ی دەستوری ٢٠٠٥ کراوە، لەژێر ڕۆشنایی ئەزموونی وڵاتانی فیدراڵی لە جیهاندا، کار بۆ چارەسەرکردنی دۆسیەی نەوت و بودجە بکرێت بەپێی یەکێک لەم ئامرازانە:

- دابینکردنی زۆربەی خەرجی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە (وەک لە وڵاتانی بەرازیل و فەنزویلا کاری پێدەکرێت)، بەرامبەر قایل بوون بە باڵادەستی حکومەتی فیدراڵی بەسەر زۆربەی سەرچاوە سروشتییەکانی کۆکردنەوەی داهاتی وڵات.
- تەرخانکردنی خەرجی هەرێم بەهاوبەشی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی (وەک لە وڵاتی نیجیریا کاری پێدەکرێت) لەسایەی زامنکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ کۆکردنەوەی داهات بۆ هەردوولا.
- دابینکردنی هەموو یان زۆربەی هەرەزۆری خەرجییەکانی هەرێم لەلایەن هەرێم خۆیەوە (وەک لە وڵاتی ئیمارات کاری پێدەکرێت) بەرامبەر بە بەجێهێشتنی زۆربەی سەرچاوە سروشتییەکانی کۆکردنەوەی داهات لە دەستی هەرێمدا.

## چوارەم: بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هەرێمی

دەکرێت هێزە هەرێمی و هێزە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵی ئەرێنی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەردولادا ببینن. واقعی ئێستای عێراق و هەرێم ڕۆڵی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی پێوە دیارە. دەکرێت ئەم هێزانە بە دوورخستنەوەی ململانێکانیان لە عێراق و هەرێم و هاندانی هەردوولا بۆ دانوستاندنی قوڵ و هەمەلایەنانە کەشێکی گونجاو بۆ سەرخستنی وتووێژەکان دروست بکەن، عیراق بکەنە زەمینەیەک بۆ لێکتێگەیشتنییان و ستراتیژی براوە-براوە بگرنەبەر. بە پێچەوانە بوونی عێراق و کوردستان بە گۆڕەپانی ململانێ، هەردولا لاواز دەکات بوار بۆ دەرکەوتنەوەی هێزی توندڕەوی وەك داعش و قاعیدە فەراهەم دەکاتەوە و زیانەکەی تەنها عێراق ناگرێتەوە. لێرەدا ئێران، ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی بنوێنن و دەکرێت لەرێی نەتەوەیەکگرتووەکان یان دووقۆڵی ئەو ڕۆڵە بگێڕن لە دروستکردنەوەی متمانەی نێوان هەردوولا.

## About the: Centre for Future Studies

A Non-Governmental Centre For Academic Research in the Public Interest.

**Aims and objectives:**

1. To promote expertise and support research activities in politics and international relations with a particular focus on the future of strategy and public and foreign policies.
2. To contribute to the development and improvement of the philosophy of scientific research in Iraqi Kurdistan.
3. To offer the governing institutions of the KRG (KRG) professional and expert advice.
4. To offer professional and expert advice to the private sector and non-governmental organizations operating in Iraqi Kurdistan.
5. To contribute to the improvement of the learning program in the field of the center's expertise.
6. To hold scientific conferences and seminars on current and future domestic and international political and strategic issues.
7. To coordinate with governmental and non-governmental centers for scientific research in and outside Iraqi Kurdistan with the aim of exchanging ideas and expertise.
8. To follow up and measure directions of, and trends in, the public opinion in Iraqi Kurdistan, particularly on those issues that are crucial to the stability and prosperity of the region.
9. To train and prepare researchers in the center's area of expertise.
10. To address the region's strategic issues that have not yet been approached from an academic and scientific standpoint.

**Activities:**

1. To carry out and publish scientific research.
2. To hold regular conferences, seminars and talks on current and future domestic, regional, and international political and security issues.
3. In addition to policy papers, analytical reports, and books, the center publishes a scientific journal that mainly deals with the future of domestic, regional, and international strategic and security issues.
4. To conduct interviews and interact with public and private media.
5. To translate and publish books and journal articles from English (and other foreign languages) to Arabic and Kurdish on the topics of the center's expertise.
6. To carry out opinion polls on various domestic political issues in Iraqi Kurdistan.
7. To gather data and publish analysis on various issues connected with public policy in Iraqi Kurdistan.

## حول: مركز الدراسات المستقبلية

مركز غير حكومي تأسس لإجراء دراسات علمية بغرض تحقيق المصلحة العامة.

**أهداف المركز:**

١. دعم عملية البحث العلمي وتشجيع المختصين والباحثين لأجراء البحوث في المجالات المتعلقة بالدراسات المستقبلية والسياسة العامة والاستراتيجية والشؤون الخارجية.
٢. المساهمة في انماء فلسفة البحث العلمي وتطويرها في اقليم كوردستان.
٣. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للمؤسسات الحكومية في اقليم كوردستان.
٤. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للقطاع الخاص والمؤسسات غير الحكومية في اقليم كوردستان.
٥. المساهمة في تطوير المناهج الدراسية في المجالات المتعلقة بإختصاصات المركز.
٦. تنظيم مؤتمرات وندوات علمية لدعم عملية البحث العلمي وتعزيزها.
٧. التنسيق مع المراكز الحكومية وغير الحكومية المعنية بالبحث العلمي داخل اقليم كوردستان وخارجه، بهدف تبادل الخبرات العلمية معها.
٨. متابعة إتجاهات الرأي العام وقياسها حول القضايا التي تجذب اهتمام المواطنين وتؤثر في مصالحهم.
٩. اعداد الباحثين وتأهيلهم في المجالات التي تختص بها المركز.
١٠. العمل على دراسة القضايا الاستراتيجية في اقليم كوردستان التي لم تدرس وفق المعايير العلمية.

**نشاطات المركز:**

١. اجراء البحث العلمي و نشره.
٢. تنظيم المؤتمرات والندوات العلمية.
٣. نشر الكتب و الدراسات العلمية المتعلقة باختصاصات المركز.
٤. اصدار مجلة علمية محكمة.
٥. التواصل مع قنوات الاعلام المعنية باهتمامات المركز واجراء الاستفتاءات العلمية لقياس اتجاهات الرأي العام.
٦. ترجمة الكتب و الدراسات العلمية الاجنبية المتعلقة باختصاص المركز ونشرها.
٧. رصد المعلومات والبيانات في جميع مجالات السياسة العامة في اقليم كوردستان وتحليلها ونشرها.

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

Futuristic Readings No.8

# The future of Erbil-Baghdad relations; An unstable federation

## Background, affected actors, scenarios and suggestions

# مستقبل علاقات أربيل وبغداد؛ فيدرالية غير مستقرة

## الخلفية، الجهات المتأثرة، السيناريوهات والمقترحات

Sulaimania
January 2021
www.centerfs.org